

### ئۆشین موحسین عەزیز:
### پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی:

# بەئاوات بووم ببمە خاوەن مەدالیاو سوپاس بۆ خوا شەش مەدالیای زێڕم بەدەست هێنا

دیمانە: کارزان کانەبی

*** لە ناو ئەم هەموو یارییە جۆراجۆرە چۆنە تەنیا ئاسنت هەڵبژاردووە؟**

- سەرەتای هەڵبژاردنی ئەو یارییە دەگەڕێتەوە بۆ هاندان و پشتگیری باوکم، چونکە باوکم هەر لە کۆنەوە یاریزان و راهێنەری بەرزکردنەوەی قورسایی بووە.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە، بەتایبەتی بۆ ئێوەی ئافرەت؟**

- راستە یارییەکی قورسە بۆ ئێمەی ئافرەت، بەڵام کە لە دڵەوە حەزت بەو شتە بێت کە ئەنجامی بدەیت، هیچ کێشەیەك نابێت.

*** ئایا ئەو مەشقە قورسانە مەترسیی بۆ سەر گیانی ئێوەی وەرزشکار نییە، یاخود هیچ کات دووچاری گرفتی نەکردوویت؟**

-بێگومان هەموو یارییەك باش و خراپی خۆی هەیە، یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی شتێکی زەحمەتە لە کاتی بڵندکردنی و هەندێك جاریش دووچاری گرفتی ناخۆشی کردووین، بەڵام ئەم شتانە نابێتە ڕێگر لە بەردەوامبوونمان.

***هەست ناکەی ئەم یارییە لە کوردستان گرنگی تەواوی پێ نەدراوە؟**

-نەك ئەم یارییە، بگرە هەموو یارییەکان بە گشتی لە عێراق و بەتایبەتی لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بە هەمان شێوەش یاری بەرزکردنەوەی قورسایی هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە.

*** بە گشتی چۆن دەڕوانیتە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لە کوردستان ؟**





**تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی وەرزشی هەولێر رۆژانە بەردەوامن لە مەشقەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە تواناکان و ئەنجامەکانیان بدەن لە خولەکانی عێراق و کوردستان و بگرە لەسەر ئاستی دەرەوەش، یاریزانانی تیپەکەش لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق، جێگای شانازیی کوردستان و عێراقن کە ئەنجامەکانیان بەرچاو بووە، یەکێك لەو کچە یاریزانانەی کە لە دوایین پاڵەوانیەتی رۆژئاوای ئاسیا توانی شەش مەدالیای زێڕ بەدەست بهێنێ، نۆشین موحسین بووە کە یاریزانی تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراقە. ئەو کچە پاڵەوانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری هەولێرە لەماوەی رابردوو لە پاڵەوانیەتی عەرەبی پلەی دووەمی بەدەست هێنا، بۆ ماوەی هەشت ساڵیشە پاڵەوانی عێراقە و دوایین پاڵەوانیەتیش کە تێیدا بەشدار بووە، پاڵەوانیەتی رۆژئاوای ئاسیایە بووە لە وڵاتی ئوردن لەسەر ئاستی شەش وڵات کە پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، لە نزیکەوە چەندپرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

-یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بەتایبەتی لە کوردستان شتێکی تازەیە و خەڵك تا ئێستا بە تەواوی ئاشنای ئەم یارییە نەبووە.

*** وەکو دەزگا راگەیاندنەکان پێت باشە چی بکەن بۆ ئەوەی ئافرەتان هۆشیار بکرێنەوە هەتا زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی؟**

-هیوادارم دەزگا راگەیاندنەکان و خەڵك و یاریزانان بەتایبەتی ئافرەتان هان بدەن بۆ ئەوەی بێنە نێو ژیانی وەرزشییەوە.

*** گرفتی یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی زیاتر لە چیدا دەبینیت؟**

-وەك یاریزانێك کەلوپەلی تەواومان نییە بۆ یاریکردن، لە هەمان کاتیدا کێشەی نەبوونی توانای دارایی هەیە، چونکە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی پێویستی بە خواردنی باش و پرۆتینات هەیە.

***وەکو وەرزشکارێك چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر پێشوەچوون بەخۆیەوە ببینێ؟**

-ئەگەر بمانەوێت یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بەرەوپێش بچێت، دەبێت بەرنامەمان هەبێت جگە لەوەش خول و پاڵەوانیەتی بکەینەوە، بەداخەوە تا ئێستا هیچ پاڵەوانیەتییەك لە کوردستان نەکراوە، جگە لە ئاستی عێراق نەبێ، تا ئێستا نەمانبینیوە خولێکی تازەپێگەیشتووان، یان لاوان بکەنەوە، کەواتە چۆن یاری قورسایی پێش دەکەوێ لە کوردستان، تەنیا یاری تۆپی پێ هەیە یارییەکانی تر پشتگوێ خراون، بۆیە هەمیشە وەرزش لە کوردستان بە هەموو یارییەکانەوە بەرەو دواوە دەچێت، بەتایبەتی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی.

***خەونی وەرزشی تۆ وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-تەنیا ئاواتی من ئەوەیە بگەم بەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێت و بەشداری پاڵەوانیەتی ئاسیا بکەم وەکو وەرزشکارێکی کورد.

***بەدەستهێنانی شەش مەدالیای زێڕ لە پاڵەوانیەتی رۆژئاوای ئاسیا چ هەستێکی پێ بەخشی؟**

-بێگومان هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، چونکە بۆ ماوەی هەشت ساڵە یاری دەکەم بە ئاواتی ئەوە بووم ببمە خاوەنی مەدالیای زێڕ سوپاس بۆ خوای گەورە شەش مەدالیای زێڕم بەدەستهێنا.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-هەوڵدەدەم بۆ پاڵەوانی جیهان.

*** یانەی هەولێر تاچەند هاوکارتن؟**

-تا رادەیەك هاوکارمانن.

*** دەتەوێت چی بڵێیت لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتکردنی بەردەوامی یاریزانان، هەر سەرکەوتووبن لە خزمەتکردن، هەروەها زۆر سوپاس بۆ دایك و باوك و راهێنەرەکەم مامۆستا موحسین عەزیز کە زۆر هاوکاریمان دەکات، بەردەوامیی من لە وەرزش لە سایەی ئەو بووە.



# ریال مەدرید شەش یاریزانی بۆ شوێنگرەوەی گاریس بێڵ دیاریکردووە

بەهۆی پێکانە یەک لە دوای یەکەکانی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی بیریان لە فرۆشتنی گاریس بێلی وێلزی کردووە بۆ ئەو مەبەستەش شەش یاریزان پاڵێوراون بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو یاریزانە.

لە یارییەکەی قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرانبەر یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی، بێڵ تووشی پێکان هات، بەڵام دوای پشوو وەرگرتن و چارەسەر گەڕایەوە بۆ راهێنانەکان، کەچی لە هەفتەی رابردوودا جارێکی تر لە راهێناندا دووچاری پێکان هات و دەستەی کارگێڕی یانەکە هەوڵ دەدەن بۆ وەرزی داهاتوو دەستبەرداری ببن.

بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو کوڕە وێلزییە یانەی ریاڵ مەدرید شەش یاریزانیان دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە: ئیدین هازارد، دەیلی ئالی، رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی، نێیمار دا سیلڤا، کیلیان مباپێ و هاری کەین.

رۆژنامەی میرەری بەریتانی بڵاویکردووە یانەی ریاڵ مەدرید ئامادەکاری دەکات تاوەکو لەهاوینی ٢٠١٨دا دەستبەرداری گاریس بێڵ ببێت.

هەمان رۆژنامە بڵاویکردووە مێرەنگی ئامادەیە بەرامبەر ٨٥ ملیۆن پاوەند دەستبەرداری ئەو یاریزانە وێلزییە ببێت.



# ئەو یاریزانانە بناسە، کە زۆرترین مووچە وەردەگرن

رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی لە راپۆرتێکدا ئەو ١٠ یاریزانەی ئاشکرا کرد، کە لە کیشوەری ئەوروپا زۆرترین مووچە وەردەگرن.

لە راپۆرتەکەی دەیلی مەیل دا هاتووە نێیمار دا سیلڤای بەرازیلی خاوەنی بەرزترین مووچەیە لەرووی مووچەوە لە پێش هەردوو ئەستێرە کریستیانۆ رۆناڵدۆی و لیۆنێل مێسی دێت.

هاوکات لیۆنێل مێسی ئەرژەنتینی و خاوەنی پێنج تۆپی ئاڵتونی خاوەن دووەم بەرزترین مووچەیەو کریستیانۆ رۆناڵدۆ پورتوگالی لە پلەی سێیەمدایە.

١-نێیمار داسیلڤا هەفتانەی ٥٣٧ هەزار پاوەند لە یانەی پاریس سانت جێرمان وەردەگرێت، کە دەکاتە ٨٨ پاوەند لە چرکەیەکدا.

٢-لیۆنێل مێسی هەفتانە ٥٠٠ هەزار پاوەند لەیانەی بەرشلۆنە وەردەگرێت.

٣- رۆناڵدۆهەفتانە ٣٦٥ هەزار پاوەند لە یانەی ریال مەدرید وەردەگرێت.

٤-پۆڵ پۆگبا هەفتانە ٢٩٠هەزار پاوەند لە یانەی مانچستەر یونایتد وەردەگرێت.

٥-ئیدین هازاردی مووچەی هەفتانەی لەیانەی چێلسی ٢٥٠ هەزار پاوەندە.

٦-سێرجیۆ ئەگوێرۆی هێرشبەری هەفتانە ٢٢٠هەزار پاوەند لە مانچستەر سیتی وەردەگرێت.

٧-فیلیپ کۆتینهۆی مووچەی هەفتانەی لەیانەی لیڤەرپوڵ ٢٠٠ هەزار پاوەندە.

٨-رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی هەفتانە١٧٠هەزار پاوەند لەیانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی وەردەگرێت.

٩-مەسعود ئۆزێل و ئەلێکسس سانچێز مووچەی هەفتانەی هەریەکێکیان لەیانەی ئارسناڵ ١٥٠ هەزار پاوەندە.

١٠-گۆنزالۆ هیگواینی ئەرژەنتینی هەفتانە ١٣٠هەزار پاوەند لەیانەی یۆڤانتۆس وەردەگرێت.

# ناوەڕۆکی گرێبەستی بەرشلۆنە بۆ کۆتینهۆ بزانە




راپۆرتەکانی هەواڵ لە ئیسپانیا بڵاویانکردەوە یانەی بەرشلۆنە گرێبەستێکی بۆ گواستنەوەی فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی و یاریزانی یانەی لیڤەرپوڵ ئامادە کردووە.

یانەی بەرشلۆنە دوای رۆیشتنی نێیمار دا سیلڤا بۆ یانەی پاریس سانت جێرمان هەوڵی زۆردا گرێبەست لەگەڵ کۆتینهۆدا مۆربکات، بەڵام یانەی لیڤەرپوڵ رەتیانکردەوە دەستبەرداری یاریزانەکەیان ببن.

لە ئێستاشدا یانەی بەرشلۆنە گرێبەستێکی تازەی ئامادە کردووەو دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا یاریزانە بەرازیلییەکەی لە لیڤەرپوڵ بکرێت.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی یانەی بەرشلۆنە هەوڵ دەدەن کۆتینهۆ بکەنە جێگرەوەی ئەندرێس ئینێستای تەمەن ٣٣ ساڵ و گرێبەستێکیان بۆ ماوەی چوار ساڵ ئامادەکردووە.

رۆژنامە ئیسپانییەکە بڵاویشیکردووە بەرشلۆنە ئامادەیە مووچەیەکی ساڵانە بە بەهای ٢٢ ملیۆن پاوەند بداتە کۆتینهۆی تەمەن ٢٥ ساڵ، بەوەش لە دوای لیۆنێل مێسی یاریزانی ناوبراو دەبێتە خاوەنی دووەم بەرزترین مووچە لەنێو یاریزانانی بەرشلۆنە.

# ژمارەکانی دی برۆین لەگەڵ مانچستەر سیتی و بەلژیکا بزانە



کیڤن دی برۆینی بەلژیکی و ئەستێرەی یانەی مانچستەر سیتی بەردەوامە لە ئاستە بەرزەکەی و لە ئێستادا بە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی جیهان دادەنرێت.

دی برۆین لە وەرزی ئەمساڵی پریمەرلیگ و چامپیۆنس لیگدا تا ئێستا نۆ گۆڵی بۆ هاوڕێکانی دروستکردووە.

دی برۆین لەو کاتەی بووەتە یاریزانی پیشەگەر ١٥٤ گۆڵی دروستکردووە، ئەویش لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکا و ئەو یانانەی یاریی بۆ کردوون.

زمانی ژمارەکان دەریدەخەن دی برۆین لەهەر ١٧٠ خولەکێك یاریکردن توانیویەتی گۆڵێك دروست بکات، ئەوەش باشترین رێژەیە بەراورد بەسەرجەم ئەو یاریزانانەی جیهان، کە لە ئێستادا یاری دەکەن.

دی برۆین ١٣٠ گۆڵی لە ٣٣٥ یاریدا دروستکردووە لەگەڵ ئەو یانانەی یاری بۆ کردوون، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکە لە ٥٧ یاریدا ٢٤ گۆڵی دروستکردووە.

# ساڵح جابر لەگەڵ یانەیەکی ڕۆمانی ڕێککەوت




ساڵح جابر ماوەی چەند ساڵێکە لە وولاتی ڕۆمانیا نیشتەجێیە و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەگەڵ یانەی زاخۆ لە بواری وەرزشی بە هێنانی چەندین یاریزان و ڕاهێنەر بۆ یانەکە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی تیپەکە بەرز بێتەوە، ئێستاش گەڕاوەتەوە وولاتی ڕۆمانیا و لەگەڵ یانەی (Craiova ) خولی پلەیەکی ڕۆمانی ڕێکەوتووە بۆ یاری کردن، ساڵحی تەمەن ٣١ ساڵ هۆکاری چوونی بۆ ئەم یانەیە بۆ ڕووداو ئاشکرا دەکات کە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەتی لەم بارەشەوە ساڵح جابر بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: « من ماوەیەکی زۆرە لە وولاتی ڕۆمانیا نیشتەجێم و بۆ چەندین تیپ یاریم کردووە، دوای ماوەیەکیش یاری کردنم لە خولی عێراقی ئێستا بڕیاری ئەوەم داوە کە جارێکی تر ناگەڕێمەوە خولی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەی (Craiova ) خولی پلەیەکی ڕۆمانی بەفەرمی ڕێککەوتوومە چوونیشم بۆ ئەو یانەیە لەبەر ئەوە بوو کە هاندەرێکی زۆری هەیە ئەوان داوای منیان کرد و دواتریش یانەکە هی ئەو شارەیە کە من لێ دەژیم ئەوانیش گرێبەستێکی باشیان بەمن داوە دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە ئاستێکی باش پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنین، لەبارەی پەیوەندییەکانی و درووست کردنی لینك بۆ هەڵبژاردەکانی کوردستان ساڵح گوتی: «من هەموو کات ئامادەم خزمەتی هەڵبژاردەی کوردستان بکەم دەتوانم لێرە یارییان بۆ ڕێك بخەم و سەربازگەی مەشقیان بۆ ئامادە بکەم و یارییان بۆ ڕێکبخەم یاخود هەڵبژاردەی ڕۆمانیا بهێنینە کوردستان لێرە من پەیوەندییەکی بەرفراوانم هەیە بۆیە بەهیوای ئەوەم هەرچی لەتوانای مندابێت خزمەتی وولاتەکەم بکەم لە بواری وەرزشی.

# ڤیدالی کوردی لە ئەڵمانیایە

بەهۆی پێشکەوتنی بواری وەرزشیی خولیای لاوی کورد بۆ يارییە نێودەوڵەتییەکان و تیپە بەهێزەکانی ئەورووپا و هاندانیان ئێستا زۆربەی هەوادارانی وەرزشی لە کوردستان خۆشەویستییان بۆ یاریزانێك هەیە و دەیانەوێ هاوشێوەی ئەوان بن لە لاساییکردنەوە، سەلاح عەلی یەکێك لەو وەرزشکارانەیە کە خۆشەویستیی ئەرتۆل ڤیدالی یاریزانی هەڵبژاردەی چیلی و یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی وای لێ کردووە لە شاری هەڵەبجەی شەهیدەوە بگاتەوە وڵاتی ئەڵمانیا و دواجار لە نزیکەوە چاوی بە ڤیدالی راستەقینە بکەوێت.

سەلاح عەلی لەبارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەرتۆل ڤیدال لە وڵاتی ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من خۆم وەرزشکارم و یاریزانی تیپی میللیش بووم لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە کە زیاتر لە دوو ساڵە ئەو شارەم جێهێشتووەو بۆ وڵاتی ئەڵمانیا سەفەرم کردووە، لەکاتی یاریکردن لە زۆر کات هاورێیانم دەیانگوت شێوە و روخسارت لە ڤێدال دەچێ، ئەوکات یاریزانی یۆڤی بوو، منیش زۆر خۆشحاڵ دەبووم بەم قسەیە، ئەو هاورێیانە بەردەوام وێنەیان لەگەڵ دەگرتم بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ، بۆیە خۆشەویستیی ئەم یاریزانە بەردەوام لە هزرم بوو، بیرم لێ دەکردەوە بەردەوامیش ستایلی ئەوم دووبارە دەکردەوە لە هەموو روویەك، دواجار بڕیارمدا بچمە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ بینینی ڤیداڵ.» گوتیشی: «زۆر هەوڵمداوە پەیوەندیی بە ڤیداڵ بکەم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام دواجار بڕیارمدا کە دەبێ بە هەر جۆرێك بێت، خۆم بچمە لای ڤیداڵ، دوای سێ رۆژ لە بەردەوامیی گەڕان بە دوای ئەم یاریزانە و چوونم بۆ میونشن، دواجار خەونەکەم هاتەدی و لە یەکەیەکی مەشقی یانەی بایرن ئەو یاریزانە چیلییەم بینی، ئەویش باوەشی بەمندا کردو زۆر دڵخۆش بوو».



# کچانی گازی باکوور بەردەوامن لە مەشقەکانیان

تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکووری شاری کەرکووك بەردەوامن لە مەشقەکانیان بۆ دەستپێکردنەوەی خولی نایابی فوتساڵی یانەکان کە بە هۆی ئەو بارودۆخەی ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو بە سەر شارەکەدا هات، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری راوەستانی سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکانی خۆی دا، بەڵام یانەکانی کوردستان بەردەوامن لە ئەنجامدانی مەشقەکانیان بۆ ئامادەکارییەکی پێویست تاوەکو بتوانن درێژە بە کاروانی وەرزشی خۆیان بدەن و یاریزانانیان دانەبڕێن لە مەشقەکانیان، لەم بارەشەوە قاسم جەمیل راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «مەشقی تیپەکەمان بەردەوامە بۆ دەستپێکردنەوەی خولەکانی تۆپی فوتساڵی نایابی کوردستان، بەڵام وەکو پێویست نییە، چونکە لە ماوەی یەك هەفتە تەنیا رۆژێك، یان زیاتر مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، ئەویش بە هۆی بارودۆخی شاری کەرکووکە کە سەرجەم یاریزانەکانمان نایێن بۆ مەشقەکانی تیپەکەیان، چونکە خێزانەکانیان رێگەیان پێ نادەن.» لەبارەی پاشەکشەکردنیان لە خولەکەش گوتی: «بە هیچ جۆرێك پاشەکشەمان نەکردووە لە خولەکە و پەنا بەخوا ئەم بارودۆخە کۆتایی دێت، بەڵام یانەکەمان بەفەرمی بڕیاری داوە تیپەکەمان بەردەوام بێت لە مەشقکردن و دەمێنێت، بەڵام بۆ دەستپێکردنەوەی خولەکان دەبێت ئەم بارودۆخە ئاسایی ببێتەوە، ئەوکات یانە بڕیاری خۆی دەدات، بەڵام تاکو ئێستا کارگێڕی تیپەکە هیچ بڕیارێکی نەداوە لەسەر پاشەکشەکردن لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان.»

جێگای ئاماژە پێکردنە تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە و ساڵانە لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکان زۆرترین کێبڕکێی لەگەڵ تیپەکانی دیکە کردووە.

